# خۆ تەقاندنەوە ، هەوڵێکی تری گەڕان بە دوای جوانیدا

توانا ئەمین

"ئەم ووتارە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەیەکی ئیستاتیکی ئەم دیاردەیە"

هێندە کاڵفام مەبە ,ئەی دۆست ,وابزانیت مردنی تۆ گوڵزار دەڕازێنێتەوە ,سەیرکەو ببینە ,ئەی دۆست دوای مردنی تۆ ,ژیان هەروەکو خۆیەتی ,سەیرکەو بگری ,ئەی دۆست ,دوای گەڕانەوەشەت ,مردن ,هەروەکو خۆیەتی.

لە قەصیدەی کتێبی پیاو کوژانی بەختیار علی یەوە.....

لەناخی هەموو ناشرینیەکاندا جوانییەك هەیە , دەبێت بیدۆزینەوە.

لە دوا نامەی ڤان کوخەوە بەر لە خۆکوشتنی.....

_میسۆلۆژیا یەك پارچە جوڵەی مرۆڤە لە سەنتەرەوە بۆ خاڵێکی تر ، تاقیکردنەوەی ئیرادەو هەست کردنە بە توانای خود ئەگەر چی بە پێیی ستراکتوری کۆمەڵگاکان ئەفسانەکان لە ڕەنگکردندا دەگۆڕێن ، کۆمەڵگایەك بۆ پتەوکردنی بونیادەکانی خۆی جەخت لە سەر توانستی تاك دەکاتەوە و ئەم هەستە بە ڕۆحی هاوکۆمەڵەکانیا پەخشان دەکات نمونەمان وەکو کۆمەڵگای یۆنانی کۆن و ئەفسانە گریکیەکانە ، بە پێچەوانەشەوە ئەفسانە لای کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکان (لە قۆناغێکدا) ئیحایی دەستە جەمعی و پێکەوە کارو تەواو کۆیی وەرگرتووە وەکو ئەفسانە هندیەکان و ئەفسانەی لوت و ئەسحابوالکهف .........هتد.

ئەگەر لە گلگامێش دا مرۆڤ گەڕانێکی بێ کۆتایی بە دوای گیای نەمری و ژیان دابگەڕێت و دواتریش بێ کۆتایی و بێ ئەنجام دەست بە تاڵ بێت ، ئەوا لە و ڕۆژەوە مرۆڤ هەوڵی داوە ئەلتەرناتیڤێکی تری گیای نەمری بدۆزێتەوە ، بڕوانە تێکستە ئاینیەکان بە سوود وەرگرتنێکی تەواو لە ئەفسانەکان جەخت کردنەوەیەکی توند لەسەر نەمری دەکەن و پێیان وایە هەموو ئەوانەی لە ڕێی خوادا تیاچوون مردوونین !"ولاتقول لمن یقتل فی سبیل لله امواتا" ئەم باوەڕە لە یەك کات دا دەتوانێت وا بکات تەوتەمێك دروست ببێت و ببێتە سیمبوڵی پیرۆزی و لە شوێنە هەرە عاسی و گیرەکانی باوەڕنەکردنا نەبێت نەتوانین بگەڕێتەوە بۆ ئەوان ، وەك سوێند خواردن بە خوێن و گوڕی شەهیدان .

ئەم باوەڕە جارێکی تر هەستی بەردەوامی ژیان بە ئێمە دەبەخشێت ، بە نزیکەیی وەڵامێکمان لەمەڕ

پرسیارەکەی گلگامێش دەداتێ . خەیاڵی ئەوەمان لەلا گەورە دەکات ئەگەر ئێمە دەمانەوێت نەمرین ئەوا دەبێت لە پێناوێکدا بمرین ئەگەر نا ناکرێت بمرین و لە پێناوێکدا نەبێت ! ئەو جۆرە مردنە مردنێکە خاڵی لە دوایەو دوورە لە نەمری.

زۆرجار ئەم سروتە بە ڕۆحی کلتورەکەدا دێتە خوارێ تا دەگات بەوەی سەیرکردن و پیرۆزی بۆ شەهید و مردن لە شۆڕشی کوردیدا ڕێك هاوتایە بەو دیدە ئاینیە ، تەنانەت لە هەندێ جێشدا فێندەمینتاڵ ترە ئەوەتا گوتاری ناسیۆنالیستیی ئێمە لە شاخ لێوان لێوە لە ڕشاندنەوەیەکی توند بە سەر ئەو پیاوانەی بەخت یاوەریان نەبووە لە بن بەردێکدا فیشەکی دوژمن یان (خائینان) بیان کوژێت وسەرکز و نەگبەت لەماڵەوە لە ژێر جیگادا مردوون ، لە مێژووی شۆڕشی ئێمەدا مردنی ناو جێگا بێزاراوترین مردنە ! .

ئەم بە پیرۆزکردنەی مردن سەرەداوەکەی لەوە دوورتر ئێمە لە ووتارێکی کورتی ئاوادا دەستمان بکەوێت ، بەڵام چۆن ئەم ئایدیا لە گەڵ مۆدیلی ژیاندا قۆناغ بە قۆناغ خۆی نوێ دەکاتەوە و خۆی دەگونجێنێ ؟ .

مەریوان وریا قانع بەو دەرئەنجامە حەقیقیەیە دەگات و دەڵێ (( هیچ تێکستێکی دینی نیە مژدە بەخش نەبێت)) لە ڕاستیدا ئەگەر دوالیزمەی پاداشت و سزا لە ئەفسانەکانەوە پەڕیبێتەوە بۆناو ئاینەکان و ئەوانیش وەکو دوو ئیختیاری حەتمی خستبێتیانە بەردەم مرۆڤ و خەڵکیان لە خۆیان پێ کۆکردبێتەوە ئەوە بەراوردکردنی هەردوو مێژوەکەی سزاو پاداشت لە گێتیدا کەمێك سەختە ڕایەکی سۆسیۆ-ئەنسرۆپۆلۆژی هەیە پێیوایە مادام ئەوان دوالیزمەیەکی دژ بە یەکن کەواتە بە یەکەوە هاتونەتە بوون .

ئەگەر ئیسلام بە نموونە وەربگرین دەبینین سەرەتا لەم ئاینەدا سوورەتە مەکیەکانی کەمتر خۆی لە قەرەی احکام دەدات و دیارە کە احکام نەبوو سنوور دیار نابێت و لە بێسنوریشدا کەس سزا نادرێت ، ئەو سوورەتە سەرتاییانە (وەکو مێژووی دابەزاندنیان) زۆرتر ڕەنگێکی گشتی ئایدیاکە دەڕژێ و داوای بانگەواز و کۆبونەوەدەکات لە دەروی خۆی ، بەڵام پاش تێپەڕاندنی ماوەی مەککە و کۆچ کردن لە مەدینەدا ئیسلام دەوڵەتێکی بچوك دروست دەکات ، سەرلەنوێ بەوردو درشتی ژیاندا دەچێتەوە هەر لە بەرگ پۆشینەوەبۆ ئاخافتن و گفتوگۆ و دواجاریش ژن و ژنخوازی و منداڵ بوون و هەموو دیاردەکانی تری ژیان لە کۆمەڵدا دەخاتە ژێر تەلەسکوبێکی شەریعی,ئەگەر خوێنەر ئەوەشی لە یادبێت کە ئیسلام پتر لە هەر ئاینێکی تر زیاتر دەست لە کاروباری ژیانی مرۆڤەوە وەردەدات کە ئەم زێدەڕەوییە لەم ئاستە بەرزەدا لە ئاینێکی تری تاك خودایی وەکو مەسیحیەت دا نیە .

دانانی دەقێك و گشتاندنی بەسەر دانیشتوانی مەدینەدا جۆرێك لە یاسای دروست کرد هەمیشەش یاسا بە پشتی هێزێکی گەورەی وەك و سزا دەتوانێت درێژە بەمانەوەی خۆی دەدات، لەو دەمەدا کەس لە سەر ئیشێکی باش پاداشت نەکراوە ڕەنگە وا جواب کرابێت کە پاداشتی گەورەو ڕاستەقینە

له لای خودایه "الا جر عبدالله" ، بەڵام لەسەر دزی سەدان دەستیان بە شمشێر پەڕاندووە ، ئەوان کاتێك پاداشتیان نەدەدا بە کەس هی ئەوە نەبووە بەیتولماڵی و مسوڵمانان هیچی تیانەبووە بەڵکە خوێندنەوەیەکی وردتر لە پشت ئەم دیدەوە هەبوو ، ئیسلام نەیویست دەستکاری وەهمێکی گەورەی وەکو پاداشت بکات دەیزانی پاداشت بەخشین خەیاڵی مرۆڤێك بچوك دەکاتەوە لە ڕووباری هەنگوینەوە بۆ کیسەیەك نقود ! .

ئیسلام نەیویست ئەم خەونە لە چاوی مرۆڤ بزڕێنێ ، لەو کاتەوە تا ئێستا شوێنکەوتوانی ئاین یان لە سزا ترساون یان چاوەڕێی پاداشتن ، ئەم مۆدێلە نوێیەی ئیسلامی سیاسی دەزانێت ئەمڕۆ ئەو کورت دەهێنێ لە ترساندنی مرۆڤ بە سزایەکی دوری ئەو دونیا و لەهەمان کاتیشا دڵنیایە لەوەی مێشکی ئەو بونەوەرەی ناو مرۆڤە ئەو کاتەی زۆر زۆر گەورە و قەرەباڵغ دەبێت هێشتا جێگەی خەونی تیاماوە ، بۆیە ستراتیژی ئیسلامی سیاسی لە ئیشکردن لە سەر تۆقاندنەوە گۆڕا بۆ ئیشکردن لەسەر ئارامی بێدەنگی (بەهەشت) ، وە ئەوان سودمەندبوون لە خوێندنەوەی ئەو حەقیقەتە مێژوییەی کە بە درێژای تەمەنی ئەم ئەستێرەیە بە درێژایی تەمەنی سیستەمەکانی حوکم هێندەی خەونی باشتربوون جوانتربوون خەڵکی داوە بە کوشت نیوهێندە خەمی وێران بوون وکاول بوون خەڵکی لە جیهان دەرنەهێناوە ، هیتلەر لە ژێر پاساوی نەژادیو مانەوەی ڕەگەزی ئەصڵدا کارەساتی هۆلوکۆستی خوڵقاند ,ڕوسیا لەژێر پاساوی دروستکردنی دونیایەکی باشتردا لەشکری سوری دروست کرد ، ئەمریکا لە ژێر پاساوی دیموکراسیدا هەیمەنە بەسەر جیهاندا دەکات ، هەمیشەش ئایدۆلۆژیا بۆ ئەوەی خۆی لە فەوتان ڕزگار بکات دەبێت خەون بەرەهەم بهێنێ ، واوەیلا بە حاڵی ئایدۆلۆیایەك کە مژدەکانی بچوکن و خەونی گەروەمان نادەنێ .

بیریارەکانی ئەم مۆدێلە نوێیەی ئیسلامی سیاسی و لە بڵاوکراوەکانەوە دەستیان پێکرد هێدی هێدی هزری توندوتیژیان لە لای شوێنکەوتوانیان خاوکردەوەو گروپ و ئەحزابەکانی خۆیان ڕاسپارد هەندێ فۆرم و دیوی دەرەوەیخۆیان بگۆڕن و لە ئاستی فکریشدا بانگەوازی تەفسیری جیاواز و تەئویلی نوێیان بۆ تێکستە ئاینیەکەیان کرد ، ئەمە لە کاتێکا ئەوان ئەزموونە فاشیلەکەی ئیسلامی چەکداری ئەو کاتە و مێژوو خوێناوەیەکەیان لە پێش چاودابوو ئەم فاکتەرانەی گۆڕان وایکرد ئیسلام وەکو ئاینێك لە پایەی بەراوردو ڕوانینی واقیعی بخاتە سەر پایە یۆتۆپییەکەی دەشیان زانی ئەوە تەنیا ڕێگا و دوا ڕێگایە بۆ ژیاندنەوەی .

لەو نێوەندەیا لە کوردستان تاکی کوردی ئێمە توشی سەر لێشێوانێکی سایکۆلۆژی خراپ بوو ئەو نەیتوانی هەروا بە سانایی خانەی نیانی خۆی زیندووبکاتەوە و بە بێ ئاوڕدانەوە ئەو تاقە پڕ لە یادگاریانە جێبهێڵێت کە لەگەڵ فیشەك و حەماس و (ڕقی پیرۆز)دا هەیبوو . بۆیە دەرکەوتنی گروپی توندڕەوی وەك و تەوحید و ئەنصار ئەگەرچی هۆکاری بابەتی و سیاسی و مێژوویی و واقیعی خۆی لە پشتەوە بوو بەڵام خاڵیش نەبووە لەو هەموو حەماسەی گوتاری ناسیۆنالستی ئێمە

به تەمەنی سەدەیەك لە ناخی تاکەکاندا چاندبووی ، بۆیە ناکرێت شوێن کەوتوانی ئەو ڕێکخراوانە بە فقیر عقل و هەرزەو منالٚ تێبگەین ، بەڵکە ئەوە ناو نانێکی بێ وردبوونەوەی میدیایی حیزبیە و ئەو دیاردەیە پێویستی بە خوێندنەوەی فرە ڕەهەند هەیە کە دەوڵەمەند بێت بە میتۆدی زانستی نوێ .

کێشەی محمد عطایەك کە لە نیویۆرك خۆی دەتەقێنێتەوە و ابو طەلحەیەك کە یاسا لەیەمەن تەواو دەکات و لە فەلوجە خۆی دەتەقێنێتەوە تا دەگات بە موریل دیلگۆلی کچە بەلژیکی کەلە ڕیستورانێکی ئەوێوە دێت و لە خۆرئاوای بەغداد خۆی دەتەقێنێتەوە تەنها ناکرێت وا سەیری بکەین کە ئەمانە نەتەوەی هاوبەش یان جینی شەڕانگیزی هاوبەش یان بیرکۆڵی هاوبەش گەیاندونیە خۆتەقاندنەوە ، بەبڕوای ئێمە ئەوەی وا دەکات ئەندازیارێك لەو پەڕی دنیاو پارێزەرێك لە مپەڕی دنیا خۆی بتەقێنێتەوە تەنها وەهمی هاوبەشە .

ئەگەر میسۆلۆژیا جوڵەی مرۆڤ بێت لە سەنتەرەوە بۆ خاڵێکی دەرەوەی سەنتەر ئەوا ئصولیەت گەڕانەوەیەکی دەست بەتاڵی بیری مرۆڤەوە لە خاڵەوە بۆ سەنتەر چێکردنی ماڵەلە کەلاوەکانی دوینێ و هاتنەوەیەکە بەسەر دارو بەردووی ئەو وێرانەیەدا کە عەیامێك پێشتر تێیدا ژیاوە ئەم گەڕانەوەیە بۆ دواوە تەنها دانشتنێك و وردبوەیەك نیە لە هەڵە گەورەکانی فکری خۆی ، بەڵکە هاندرەێکی حەماسیانەی تاکە بۆ هێرش کردنە سەر فیکرەکانی درەوەی خۆی ڕاوەستانێك نیە لە پێش پرسیارە نوێکانی مرۆڤی ئەمڕۆ هێندە تێکشاندنی وەڵامەکانی ئەوی ترە بەو پەڕی بێ میتۆدی ، ئصولیەت لەم بارەدا تەفسیرکردنی دنیایەبە یەك دید و ڕەتکردنەوەیەکی قورسی دیدەکانی ترە ، خەرتەری ئصولیەت لەوێ دەست پێ دەکات کە دانیشتن نیە بە دەردی خۆیەوە هێندەی پەلامارێکی سامناکانەیە بۆ ئەوانەی بۆ تێگەشتن لەم گەردوونە نەگەڕاونەتەوە بۆ تێکستی تایبەت .

لەو نێوەندەیا ئەو مۆدیلەی ئیسلام سێرچێکی بێ کۆتایی بە دوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێت کە ناڕازین ، یاخین ، خاوەن گلەین و لە هەمان کاتیشدا تاسەیەکی قوڵیان بۆ جوانی هەیە ، ئیسلامی سیاسی توندرەو خەیاڵی ئەو جۆرە کاراکتەرانە بە زەوییەکی بە پیت دەزانێت بۆ تۆوە ژەهراویەکانی خۆی کە هەمیشە ڕووپۆشە بە جوانیەکی بێ سنوور .

ئەوانەی بە دوای جوانیدا دەگەڕێن پتر لە هەر مرۆڤێکی تر دەچنە ژێر کاریگەری خەیاڵێك کە بۆنی جوانی لێ بێت ،ئەوان دەیانەوێت ئەم دونیایە بگۆڕن بەڵام بەچ میکلنیزمێك؟ کەتیبە سەربازییەکانی هێزی ئیسلامی توندڕەو بەزنجیرە کۆرس و مەشق و وانە جەهەنەمیەکانی پەرسڤێکی ساختە دەدەن بە گوێی گەڕیدەکانی جوانیدا .ئەوان دەڵێن جارێکی تر ئەم دونیایە بۆ ئەوەی بنیات بنرێتەوە ، بێ ستەمی ، عەدالەت ، حەقیقەت لە سەرەوە بێت دەبێت سەرلەنوێ ئەم دونیایە هەڵوەشێنینەوەو دروستی بکەینەوە ، ڕەنگە ئەم بیرکردنەوەیە کەم وزۆر سودمەند بێت لە تێزە فیکریەکان

فەیلەسوفانی خۆرئاوا بەڵام بەو جیاوازییەی ئیسلامی سیاسی توندڕەو هەڵوەشاندنەوەی لە وەدا نابینێتەوە کە دەستور و یاساو کۆی سیستەمی حوکمێك بخاتە ژێر خوێندنەویەکی ئەپسمۆلۆژیای سیاسی ، بە پێچەوانەوە ئەو هێزانە هەڵوەشاندنەوە لە تەقاندنەوەی بۆری نەوت و نەخۆشخانەو سەرتاشخانەو قوتابخانە سەرەتاییەکان و دەزگا مەدەنیەکانی تردا دەبیننەوە  لە کاتێکا سەر نشیننانی ئەو جێگایەنە لە خەڵکی سڤیل زیاتر کەسی تر نین .

هەڵەیە ئێمە پێمان وابێت هەموو ئەوانەی خۆیان تەقاندوتەوە گوێیان لە پارچەیە مۆسیقا نەگرتووە تێکستێکی شیعریان نەخوێندۆتەوەو بە دیار تابلۆیەکەوە ڕانەوەستاون و بۆنی دەشتێکی سەوزیان تێر هەڵنەمژیوەو دوری ئازیزێکیان چاوی پڕ نەکردوون لە فرمێسك و بە دیار فیلمێکەوە نەگریاون , ئەم ڕوانینە بۆ ئەم کاراکتەرانە سەیرکردنێکە بە چاوێکی نوقاوە. چیتر بەربەستە کۆنکرێتەکان و ژمارەی بازگەکان ناتوانن ڕێ لەو دیاردەیەی نێو تیرۆر بگرن ئەگەر دەسەڵات خەڵك لە خۆی ئاشت نەکاتەوە و پێداچونەوەیەکی لۆژیکیانەی نەبێت بۆ بڕیارو پەیوەندیەکانی و دەستی لە نێو دەستی تەیارە ڕەشەکانی تۆقاندن دەرنەکێشێ و دەستی دۆستایەتی نەهێنێت بەسەر نەوەیەك کە بە نەوەی نوێ ناوزەند دەکرێ، ڕەنگە ئەم قەیرانە مێژووی خۆی درێژ بکاتەوە بۆ سەردەم و دەمێکی تر ، ئێمەش لەدەروە تەنها  وەکو بابەتی  نیوز و خامێکی چاکی لە یەکترازانی جەمسەرەکانی کۆمەڵگا لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکاندا سودمان  لێ ببینرێت .

گەر لەحزەی خۆ تەقاندنەوە لەحزەی بەریەك کەوتنی خەون و واقع بێت من باوەڕم وایە ئەوانەی خۆیان دەتەقێننەوە گەڕیدەیەکی وێڵی جوانین ، ئەوان کاتێك لە گۆڕینی ئەم دونیا ناشرینە کورت دەهێنێ دەیانەوێت لە وێرانکردنیا پشکی شێریان بەربکەوێت ، ئەوان کاتێك جەستەی قەرەبووتی خۆیان و سەیارەی سوتاو خوێنی منداڵ و جانتا تێکەڵ بەیەك  دەکەن  ویستویانە  بەم دیمەنە نــــــایەکی گەورە بدەن بە ڕووی ستەم و بێ دادیو ناشریندییەکانی تردا ... ئەوان کەجەستەی پاسەوانەکانی ئێمە بە فیشەك دەبێژن هەرتەنیا حەقی ژیانکردنیان لێ نەسەندۆنەتەوە ئەوان دەیانەوێت بەم بێحورمەتی کردنە بە مرۆڤ حورمەتی بۆ بگێڕنەوە .

بە بڕوای ئێمە  ئەو وێڵگەردانەی جوانی هەموو خەونەکانیان جوانە تەنیا لەمیکانیزمی تەحقیق کردنی خەونەکەدا هەڵەن کە لە ڕوپۆشوێنێکی ئایدۆلۆژی توندڕەوەوە  خۆی پێچاوە . دەکرا ئەوان ئەو هەموو خەونەی گۆڕانی دونیا بە دونیایەکی جوانتر و باشتر پێکەوە لەسەر ئەم زەویە لەگەڵ ئێمەدا پراکتیك بکەن ، سەربازێکی ئیسلامی لەبەردەرگای قوتابخانەیەکی سەرەتایدا خۆی نەتەقێنێتەوەو ئەو منداڵانە بە قەولی خۆی نەکا بە پەپولەی باخچەیەکی خەیاڵی ، ئاخر باخچەکانی ئێمەش لەم سەر زەمینە  پەپولەیان دەوێت .

دروستبوونی کەسێکی خۆ تەقینەر لە شارێکا هەموو ئەو شارەی لێ بەرپرسیارە دیارە ئەو شارە سیماو ڕەنگ و بۆی جوانی وون کردووەو ئەو هاوشارییە مەراقیەتی ئەو جوانیە بگێڕێتەوە ، "ئەگەر

لێرەدا لە یادمان بێت کە پێیەکی ئصوڵەیەت هەمیشە وا لەناو نوستالوژیادا ".

جارێکی تر بە بڕوای من جوانی دەتوانێ گەنجینەکانی خۆی بە خەیاڵی ئەو کەسانە دەوڵەمەند بکات ، ئێمە دەتوانین لەو هەموو جوانیەیی ناو خەیاڵدانی ئەوان لەو مەیلە توندەی ئەوان بۆ جوانی دونیایەك بنیات بنێین کە کەمتر جێپێی ناشرینی لێ ببینرێ ، هەڵەی کوشندەی ئەو هاوڕێیانە لە یادکردنی مرۆڤە. لە هاوکێشەی (مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە) ئەوان شوێن گۆڕکییان بە جێگای مرۆڤ و جوانی کردووە ... لێرەوە ئەو کارەساتە دەخوڵقێ کە هەموو مرۆڤایەتی بێزی لێدەکاتەوە تەنانەت خودی جوانی خۆشی .